کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18:47 4-8-2007

## محمود سەنگاوی کوری کوردە ... بهجت حاجی علی

ماوەیەك پیش ئیستا سەردانی سایتی کوردستان پوستم کرد بابەتیکم بینی کەلەسەر ئەو بەریزە ناسرابوو لەلایەن محمد کریم شارەزوری منیش زور بەوردی خویندمەوە هەر لەسەرەتای وشەکانیەوە هەستم بە دل رەقی و بی ویژدانی ئەم نوسەرەکرد کەشتەکانی هیچی لەجی خویدانیە و شتی دروستکراوە چونکە ئەم پیاوە من لەسەرەتای هەشتاکانەوە ناوبانگیم بستبوو کە لەناوچەی قەرەداغ و گەرمیان کوریکی کورد بەناوی محمود سەنگاوی هەیە و گورزی کەمەر شکین لە فاشیەکان دەوەشینیت و دوژمنی تەواو هەراسان کردوە لەو کاتانەدا کە دوژمن لەوپەری هیز و توانایدابوو هەموو جیهن پشتیوانی لیدەکرد هیزیکی گەورەی مادی و عەسکەری و مەعنەوی هەبووئەو کورە کوردەش تەنها و تەنها چەکەکەی شانی و بیروباوەری شورشگیرانەی خوی و جەماوەری سنورەکە پشت وپەنای بوو لە هیچ شتیك سلی نەدەکردەوە ئەگەر ئەو کورە کوردە مەسلەحەتی شەخسی خوی بویستایە و سازشی بکردایە لەگەل دوژمن ئەوا بە دلنیایەوە هەرچی خوشی ژیان هەیە بویان جیبیجی دەکرد و دەیان خستە خزمەتی بەلام ئەم دلسوزەی یەکیتی و گەل نەك بیریشی لینەکردەوە بەلکو قەت ماوەی نەداوە بەدوژمن تەنانەت لەری هیچ کەسیکیشەوە بیت داوای سازشی لی بکەن ئەم کەسە سەرەتاکانی گەنجی ژیانی خوی بو خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی دانا هەرچی خوشی ژیانی بوو لەری خەباتکردنا داینا لە هەموو جیهاندا گەل شانازی بە رولە تیکوشەرەکەیەوە دەکات ریزیان لی دەنیت ناویان دەخاتە لاپەرەکانی میژوی خویەوە کەچی لای ئیمەش دوریان بو هەلەبەستن و بوختانیان بو دەکەن من حەزەکەم هەموو لایەك زور باش بزانیت کە ئیستا نە محمود سەنگاوی ئاگادارە لەم نو سینەم نە کەسیش پیوتوم کە بینوسم تەنها زەمیری خوم بوو کەهانی دام ئەم هەلویستەم هەبیت کە ئەم راستیانە بەخەلك بلیم کە من دیومە لەم کەسە بویە شتیی دروستکراو نە جوانە ونە کاریکی رەوایە دورەە لە هەموو پرنسیپەکانی روژنامەگەری ئازاد یەکیتی نیشتمانی سل لە هیچ کەسیك ناکات لە بریارەکانیدا خوی خاوەنی بریاری خویەتی چ لە شاخ بوبیت یان ئیستا کە دەسەلات دارە لە کوردستان لە پلینیومدا هەممو ئەو هەڤالانەی دانا بەرامبەر بە کادیرانی یەکیتی کە فایلیان هەبوو شەرمی لە هیچ کام لەوکادرانە نەکردو بریاری تاك لایەنیشی نەدا ئەوە بوو بەتیکرای دەنگی کادرانی بەشداربوی پلینیوم لەو هەڤالانە خوشبون باشە ئەم برادەرە بو تائیستا ئەو بەلگەنامانەی نەخستوتە روو ئەگەر لە رووی یاسایەوە لیکیبدەیتەوە ئەو محمد ناوە تاوانبارە چونەکە چوار سالە ئەو بەلگانەی شاردوتەوە ئیستا داواکاری گشتی دەتوانیت ئەگەر ناوی تەواوی ئەو کەسە بزانریت داوای یاسای لەسەر بکات بەوەی بەلگەی تاوانی لەلایەو شاردویەتیەوە سەرەرای ئەوەش حکومەتی هەریم لیژنەیەکی بو لیکولینەوەی ئەو فایلانە داناوە بەسەروکایەتی دادوەر رزگار محمد امین بو ئەو بەلگانەت نەبرد بو ئەو لیژنەیە خو کوردستان پوست لیکولینەوە ناکات دەزگایەکی اجرائی نیە ئەگەر تەنها بو لەکەدار کردنی ناوی ئەو پیشمەرگەیە نەبیت لەسەر ئەو مەوقیفانەی کە هەیەتی بەرامبەر جاش و خوفروشەکان کە من دلنیام نە ئەم جورە شتانە نە بوختانی لەم شیوەیە بەقەدەر توسقالیك لە خەباتی ئەو کەسە کەم ناکاتەوە و دەریاش بەدەمی سەگ پیس نابیت من ئەمەویت بابەتەکەم بەم مەقولە عەرەبیە کوتای پی بینم کە دەلیت

اذا اتتك مذمة من ناقص فشهادة لى بانى كاملا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.